**Democratic Union of Iranian Kurdistan**

**یه کێتی دیموکراتەکانی کوردستانی ئێران**

## ئاوەدان کردنەوەی کۆنە مۆڵگەکانی ناوچەی مهاباد لە لایەن ڕێژ یمەوە

بە پێی ئەو هەواڵەی کە لە مهابادەوە بە دەستمان گەیشتوە، ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی کردووە بە ئاوەدان کردنەوەی ئەو مۆڵگە سەربازیانەی کە پێشتر چۆل کرابوون .

ئەم کۆنە مۆڵگە سەربازیە چۆڵکراوانەی کە تا ئێستا دەستنیشان کراون بۆ ئەم مەبەستە بریتین لە، کۆنە مۆڵگەی دێی باگردان و خەڵیفان لە ناوچەی مەنگوڕایەتی و ، دێهاتەکانی کۆزەکەرێزو دریاز لە ناوچەی شاروێران و چەند دێهاتێکی تر. ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندی ئەم دێهاتانەی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کردون و بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم کۆنە مۆڵگانە خەریکی کۆکردنەوەی هێزە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی مهابادو دەوروبەر .

بە نێو فەرماندەرەکانی سوپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی لە مهاباد پەیوەندیان کردوە بە هەندێک کەس کە پێشتر سەر بە ڕێژیم بونەو ئێستاش داوایان لێ کردون کە بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ئەم کۆنە مۆڵگانە هاوکاری ڕێژیم بکەن .

لە بەرانبەر دا ڕێژیم بەڵێنی 70000 تمەن وەک حقوقی مانگانەی بەو کەسانە داوە کە بە دەم ئەم بانگەوازەی ڕێژیمەوە دەچن جگە لە هەندێک ئیمکاناتی تر کە بەڵێنیان پێ داون.

ئەم داوایەی ڕێژیم بۆ چەک هەڵگرتن لە دژی خاک و گەل لە لایەن زۆربەی زۆری ئەم کەسانەوە ڕەت کراوەتەوە کە پێشنیاریان پێ کرابو.

### یەکێتی دێموکڕاتەکانی کوردستانی ئێران

هەینی 25ی بەفرانباری 1383

www.ydki.org
yeketidemokratekan@yahoo.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com